www.kurdistannet.org

# زەڕەیەک لە خاکی وەتەن

حەمەسەعید حەسەن

جا کەی زەلیل نەبووە؟ چل سالی ڕەبەقە زەلیلە. چل ساڵە ژیانی بریتییە لە زنجیرەیەک زەلیلی. کە ١٩٦٤ بارزانی ناچاری کرد بەرەو ئێران هەڵبێت و کۆنەکارگەیەکی شقارتە لە هەمەدان بکاتە مۆڵگە، زەلیل بوو. کە دواتر بارزانی عەفووی کرد و هاتە دۆڵەڕەقە، زەلیل بوو. کە ١٩٦٦ بەرەو ئامێزی ڕژێمی بەغدا تێی تەقاند، زەلیل بوو. کە (بەکرەجۆ)ی ئاوەدان کردەوە، زەلیل بوو. کە سالانی ١٩٦٦ ـ ١٩٧٠ شانبەشانی لەشکری بەغدا سەرقاڵی کاولکردنی کوردستان بوو، زەلیل بوو. کە ١١ی ئاداری ١٩٧٠ بارزانی بەعسی هێنایە سەر چۆک، زەلیلتر بوو. کە دیسان بارزانی لێی خۆش بووەوە، زەلیل بوو. کە ١٩٧٥ لەسەر خواستی شام، یانوونکافی هەڵتۆقاند، زەلیل بوو. کە ١٩٨٤ بە سەددامی گوت: تۆ دادوەری نەک دوژمن، زەلیل بوو. کە دوای کۆڕەو سەددامی ڕامووسی، زەلیل بوو. کە ١٩٩٦ پاسداری هێنایە سەر بنکەکانی دیموکرات لە کۆیە، زەلیل بوو. کە سەروەختی ڕێککەوتنی واشینگتۆن، لەبەردەم مادەلین ئۆڵبرایتدا، نوشتایەوە، زەلیلتر بوو.

جای کەی زەلیل نەبووە؟ چل سالی ڕەبەقە زەلیل و زەلیل و زەلیلتر دەبێت. چل ساڵە ژیانی بریتییە لە زنجیرەیەک زەلیلی. بەردەوام شەپۆلی ئەم زەلیلی، دەیداتە دەست ئەو زەلیلی، بەلام هەرگیز هێندە زەلیل نەبووە، وەک ئەو ڕۆژەی بە فەرمانی کارمەندێکی میت، چوارسەد پارچە ئەرزی خاکی کوردستانی بە بەرەی تورکمان بەخشی. ئێمە (زەڕەیەک لە خاکی وەتەن نادەین بە قەسری قەیسەری،) ئەویش چوارسەد پارچە لە خاکی وەتەن، کە هەر پارچەیەکی دوو سەد مەتر بوو، بە سەنعان ئاغایەک دەبەخشێت، کە هاوزەمان داردەستی بەعس و مەقاشی میت بوو.

چل ساڵە ئەمبەر و ئەوبەر دەکات، گا کوردستانییە، گا عێراقچی! گا شاگردی ماوتسی تۆنگە، گا سۆسیال دیموکرات! گا ئینتەرناسیۆنالیستە، گا نەتەوەپەرست! گا لە دوای مەلا عەلیی هەڵەبجەوە هەڵدەنوێژێت، گا جاری قەلاچۆکردنی ئیسلامییەکان دەدات. گا پۆستمۆدێرنیستە و گا فێستیڤاڵ بۆ خێڵی جاف ساز دەکات!

چل ساڵە هەر هەلێک بۆ کورد بڕەخسێت، لە کیسی دەدات. چل ساڵە ناپاکی لە کورد و لە کوردستان دەکات، چل ساڵە ئاگری شەڕی ناوخۆ خۆش دەکات، چل ساڵە ڕووباری خوێنی کورد بە فێڕۆ دەدات، چل ساڵە کام ڕێگا پۆخڵە بێ سڵکردنەوە دەیگرێتە بەر، چل ساڵە سوجدە بۆ داگیرکاران، جا چ عارەب بن، چ فارس، چ تورک، دەبات، چل ساڵە خواستی دوژمنی کورد جێبەجێ دەکات، چل ساڵە فایلرەشان لە خۆی کۆ دەکاتەوە، چل ساڵە شێلگیرانە داکۆکی لە قازانجی دوژمنی کورد دەکات، چل ساڵە بە زەلیلی دەژی، تەنیا لە پێناوی ئەوەدا، پشتی بنەماڵەی بارزانی بدات لە زەوی. چل ساڵە سەرقاڵی شەڕێکە، کە لە ڕۆژی یەکەمییەوە دۆڕاندوویەتی.

2003. 12. 18